# حەزرەتی عومەری کوڕی خاوەر(د.خ)

**مەهاباد قەرەداغی**



## بۆهەڵەبجە .. زامی هەمیشە نوێ

ئەم لاشانەی مێژوویان خەڵتانی مەرگ و. .
گۆی زەوییان شەلاڵی سوتماکی زام و،
ئاسمانیان تژی کردووە لە تەمی هەناسەی خنکاو
لاشەی عەشقەکانی ئێمەن!
ئەو گەڵا هەڵوەریوانەی
بە تەمی خەمی سەدەیەک داپۆشراون،
باڵە گەچراوەکانی باخچەی رووتاوەی تەمەنمانن
لە ژێر پێیەکانی مردن. . دەقیژنن!
ئەو ماسیانەی دەریایان لێ ون بووە. .
لە وشکەخاکی ئەڤینێکی سەربڕاو بەجێماون
جەستەی خۆیان چەشنی ئاوێنە لەبەر خۆر هەڵخستووە. .
مرواربیە ونەکانی دەریای خەون و خۆزگەمانن!
ئەو شەپۆلانەی سڕ کران،
ئەو دەریایانەی قڕ کران،
هاژەیان هێشتاش وەک نێڵەی بورکانێکی تازەتەقیوو
دەروون و بوونمان پڕ دەکەن لە هاوارێکی ئاگرین
دەمارەکانمان پڕ دەکەن لە بومەلەرزەی ڕاچەنین!
ئەو قرچەقرچەی لە نێڵەی دەروونەوە دەیانبیستین
تێکەڵ بە گڕی نەورۆز و،

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

به سووره‌تی ئه‌نفال بووه. .

هۆره‌ی مه‌رگن!!

سوتانی بێده‌نگ و سه‌نگی شه‌قامه‌کانی قامیشلین!

کزانه‌وه‌ی ملی کۆماری ئازارن، شه‌پۆلی زامی چوارچران!

ئێڵنجی خوێناوی لووتکه‌ی ئاراراتن

زه‌ریای ئه‌ندێشه‌ی شیرناخن!

گه‌رده‌لوولی شه‌وه‌زه‌نگی دڵی خاکن

کڵوکۆی ده‌روونی هه‌ڵه‌بجه‌ی سامناکن!

ئه‌مڕۆ زه‌ماوه‌ندی زامه!

ساڵڕۆژی له‌دایکبوونی ترسناکترین په‌یامه

ساڵیادی کوشتنی تیشک و خه‌ون و سۆزه

یادی مردنی بارانه!

ئه‌مڕۆ زه‌ماوه‌ندی زامه!

له هه‌وری بارگاوی چاوی ڕاستمانه‌وه

ده‌نکه مرواری فرمێسکه هه‌ڵده‌وه‌رێ. . و

مه‌ره‌زه‌ی قوولترین زاممان تژی ده‌کا له کسپه‌ی ئێش

له چاڤی چه‌پیشمانه‌وه یاقووتی سووری ڕۆندکه. . داده‌بارێ و

هه‌ناسه‌مان ده‌سووتێنێ و

جه‌رگمان ده‌کاته خۆڵه‌مێش!

ئه‌مڕۆ ئه‌ڤین. . به ده‌سماڵێکی گوڵگوڵی،

چاوه‌کانی عه‌شق ده‌سڕێ و

سترانیش ده‌سته‌کانی گۆرانی ده‌گرێ و

به نێو ته‌رمی زامه‌کاندا پیاسه ده‌که‌ن

به ده‌م ڕێوه سامناکترین میلۆدی بۆ سه‌ده‌ی مه‌راق داده‌نێن و

به ده‌م ڕێوه سامناکترین سه‌ما ده‌که‌ن

به ده‌م سه‌ماوه گفتوگۆ،

پیرترین و،

کۆرپه‌ترین برینیان هێناوه‌ته گۆ!!



من یەکێکم لەو زامانەی
کە سەرەتای هەموو جەنگەکانی سەدەی
مەراق و تۆقینم دیووە و. .
بەم دەستانەم پاشماوەی ئێسقانی دەیان جەنگاوەرم
لەسەر یەک کەڵەک کردووە
بەم دوو چاوە،
سەدان هەزار مەرگی سەیر و سەمەرەم دی
بەم گوێیانەش
چیرۆکی سەدان تاوانی شاردراوەم گوێ لێ بووە. .
گەرچی ئێستا عومر و ژەهر
هێزی بینین و بیستنیان لێ بڕیووم
بە بێ سیناهی بیلبیلەش
یەک بە یەکی سووتانەکانی جەستەی خاک هەر دەبینم
بە بێ هەستی سرتە و چرپەش
زایەڵەی زەنگی ژیان و. . دەنگدانەوەی ناخ دەبیستم. .
بە مردوویش
هەست بە سەرتاپای هەژان و
ڕاچەنینی ڕۆحی نەبەردی شاخ دەکەم
من پیرترین زامی سەدەم
(حەزرەتی عومەری کوری خاوەر، درووددی خوای لەسەر بێ،
لە بەرامبەر خوا وای فەرموو)

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت



منیش کۆرپەترین زامم،

ترسناکترین پەیامم،

زمانی من نەپژاوە، بەڵام دەدوێم

لە مەرگ،

لە تاریکی،

لە ژان. .

پرسیارێکە . . لە ئاوەز، مێژوو، لە یەزدان

من بۆ دەبێ لەم کیشوەرە سامناکەدا. .

لە رۆژهەڵات. . لەدایک بم

دایە گیان. . بۆ؟؟!!

خوایە گیان. . بۆ؟؟؟!!

بۆ دەبێ ژیانم ببێ بە مەرگەسات

بۆ دەبێ مردنم ببێ بە کارەسات؟!!

(کۆرپەکەی باوەشی حەزرەتی عومەری خاوەر

دروودی خوایان لەسەر بێ، ئاوای فەرموو)

. . .

١٦/٣/٢٠٠٢

ستۆکهۆڵم

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت